











پەیوەندی سەرانی کۆمەڵی ئیسلامی به رژێمی بەعسەوە له ئیعترافاتی جاسوسێکدا

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی خەڵکی خۆراگری کوردستان و سڕینەوەی ئاسەواری رژێمی بەعس و نەهێشتنی تۆڵەو پاراستنی هێمنیو ئارامی، لە راپەرینەکانی ئازاری ١٩٩١دا بەرەی کوردستانی لێبوردنێکی گشتی بۆ سەرجەم دەستەو تاقمەکانی رژێمی ئەنفاڵ و کیمیاوی لە کوردستان دەرکردو جەماوەری کوردستانیش بەتەواوی پەیوەست بوون بەو بڕیارەوەو لە پێناو سەرخستنی ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان هەرچی رق و کینەو تۆڵەی خۆیان دەربارەی ئەو پیاوکوژو سیخوڕانە خستە لاوە.

ئەوەی جێگای نیگەرانیو دڵتەنگیە خەڵکێکی نەفس نزم لە پیاوەکانی رژێم سودی نەگەتیڤانەیان لەو لێبوردنە وەرگرت و لە کوردستان مانەوە، لەسەرەوە پاکانەی خۆیان دەکەن و لە بنەوەش پەیوەندییان کردۆتەوە بەو رژێمەوە کە گەلەکەمانی بەو هەموو نەهامەتیو دەردەسەریە بردوەو لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا وەکو دوپشك لەناوماندا ماونەتەوەو بەبێدەنگی بە جەستەی زاماری ئەو میللەتەوە دەدەن و ژەهری بەعس تێکەڵ بە خوێنی دەکەن.

(موشیر مستەفا) یەکێ لەو تاوانبارانەیە، کاتێك کە هیچ ئومێدێکی بە مانەوەی رژێمە خوێنڕێژەکەی نەماوە، لەم ماوەیەدا، لە نامەیەکیدا بۆ بەرپرسێك دانی بە کارە جاسوسییە خیانەتکارەکانیدا ناوە کە زۆربەیان وەك (عەمیل) بەکرێگیراوێکی کارامە رۆڵی (وەسیط)ی بینیوە، لەنێوان بەعس و ئەوانەی لە کوردستان پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبوە.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە لەو نامە چەند لاپەڕەییەیدا کە بەدەست و خەتی خۆی نووسیویەتی، پەیوەندی نێوان سەرانی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان و رژێمی بەعس ئاشکرا دەکا، کە لەژێر دەستی ئەودا ئەو پەیوەندیە دروست بووەو گەشەی کردوە، بە سوپاسەوە کەسێکی نزیکی خۆی وێنەیەکی لەو نامەیەو کۆمەڵێ وێنەی بەڵگەداری گەیاندە (هەواڵ) بۆ ئەوەی بڵاوبکرێتەوە تەنها خۆی تەحەمولی مەسئولیەتی بکاو کەسوکارەکەی لەو تاوانانە بێبەری بن. لێرەدا بە پێی دەرفەت بەشێك لەو ئیعترافە دەستنوسە بڵاو دەکەینەوە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوەو (هەواڵ) وەریگێڕاوەتە کوردی.

لە سەرەتای نامەی دان پێدانانەکەدا پێناسەیەکی (عەلی باپیر) بەم شێوەیە دەکات:

"الأسم: علي بابير وتمان وهو من رؤوساء عشائر (پشدر) عشيرة (الميراودلية) و مواليده ١٩٦١ شاب قصير القامة طوله ١٦٠ سم تقريباً ووزنه ٧٥ كيلو تقريباً مثقف و متشدد للدين الأسلامي فعندما يقول لا يعني لا، لكنه في نفس الوقت مجامل. له أكثر من (٤٠)مؤلفات للكتاب الشخصي وهو لم يكمل تدريسه الجامعي في جامعة (كوفة) العراقية بسبب تحركاته السياسية في حينه. ألتحق بالجبل في سنة ١٩٨٥ لتشكيل نواة الحركة و سافر إلى إيران لأن الظروف في الجبل لم يساعده و سكن في مدينة (مريوان) الإيرانية لفترة زمنية و عندما كان في الجبل التحق أحد أشقاءه بالحكومة العراقية فأعتبر هذه خيانة فأرسل مفرزة و قتل أخيه فهذا جزء من تشدده و إلا من يقتل أخيه لأسباب سياسية أو دينية؟"

"ناو: علی باپیر وەتمان، لە سەرۆك عەشیرەکانی (پشدەر)ە لە عەشیرەتی میراودەلی، لەدایکبووی ١٩٦١و کورتە باڵایەو درێژییەکەی (١٦٠)سم ٧٥کیلۆیە، رۆشنبیرە، توندڕەوێکی ئایینی ئیسلامە، کاتێك دەڵێ نەخێر مانای نەخێرە، بەڵام لە هەمانکاتدا مجاملە، زیاتر لە (٤٠) کتێبی هەیە، خوێندنی زانکۆی لە (کۆفە) تەواو نەکردووە بەهۆی جموجۆڵە سیاسییەکانیەوە بووە. لەساڵی ١٩٨٥ چوەتە شاخ بۆ پێکهێنانی ناوکی بزوتنەوەیەکی سیاسی دینی، پاشان بەهۆی نالەباری بارودۆخی شاخ چوەتە ئێران و بۆ ماوەیەك لە مەریوان نیشتەجێ بووە. کاتێك لە شاخ بووە، یەکێك لە براکانی پەیوەندی بە حکومەتی عیراقەوە کردووە، ئەو کارەی بە خیانەت زانیوەو مەفرەزەیەکی نارد بۆ کوشتنی براکەی خۆی، ئەمە بەشێکە لە توندڕەوی ئەو پیاوە، دەنا چۆن یەکێك بەهۆی سیاسی یان دینی برای خۆی دەکوژێت".

پاشان باسی سەرەتاو توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوانیان دەکاو دەڵێ:

"علاقاتی معه يعود إلى أواخر ١٩٩٥ و بداية ١٩٩٦ عندما حضر مجلس فاتحة لأحد أعمامي في مدينة حلبجة الجديدة فتعجب بي و تعجبت به و كان معه أحد أقربائي حينذاك أحد مسؤولي الحركة و أسمه (فريدون فتاح) وهو من عشيرتي و قريتي ففرح باللقاء نعي قريباً و جاء إلى بيتي مع (٢٢) من قياديي الحركة للعشاء و رسخ أواصر الصداقة بيننا ففي البداية طلب مني اللقاء مع قسم من رؤوساء عشيرة الجاف لكوني من عشيرة الجاف و من وجهاءه و لعلم سيادتكم أكثر أني من مجلس ولاية موصل من بين (١٢٥) رئيس ووجه من عشائر كرد و ألتقيت بالمترجم كيلر محامي الولاية. المهم أستدعيت المجموعة من رؤوساء وفي عشاء آخر تعارفوا فيما بينهم و كان غرض علي بابير توثيق العلاقات مع العشائر ثم تجنيد أفراد عشائرهم إذا حصل على مال كاف مستقبلاً. و بعد زيارات متبادلة عرضت عليه أن يشترك معي بماله و نقودي للتجارة، تجارة أقوم بها أنا بنقوده و نفوذي فوافق لكن أرتفاع سعر الدولار وهبوطه بين فترة و فترة جعلني أتردد في الموضوع".

"پەیوەندییەکانم لەگەڵ علی باپیر بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٥و سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك لە پرسەی یەکێك لە مامەکانم لە هەڵەبجەی تازە ئامادەبوو، موعجب بوو پێم هەروەها منیش، ئەوکات یەکێك لە خزمەکانی خۆمی لەگەڵ بووە کە یەکێك بوو لە لێپرسراوەکانی بزوتنەوە ناوی (فەرەیدون فەتاح) بوو کە لە هەمان عەشیرەت و گوندەکەی خۆم بوو، زۆر دڵخۆش بوو بەو دیدارەی لەگەڵ من، پاشان لەگەڵ (٢٢) لە سەرکردەکانی بزوتنەوە بۆ خوانی ئێوارە هاتنە ماڵم، پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوانمان توندتر بوو. سەرەتا داوای لێکردم کە دیدارێکی بۆ رێك بخەم لەگەڵ بەشێك سەرەك عەشیرەتەکانی جاف لەبەر ئەوەی خۆم لە عەشیرەتی جاف و وەجهەکانیم، بۆ زانیاری زیاتر جەنابتان من یەکێکم لە (ئەنجومەنی ولایەتی موسڵ)م لەنێوان (١٢٥) سەرۆك و پیاوماقوڵانی کوردو چاوم بە وەرگێڕ (کیلر) کە پارێزەری ویلایەتی موسڵە کەوتووە. لە ئێوارەخوانێکیتردا کۆمەڵێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانم میوانی کرد بۆ یەکترناسین، مەبەستی عەلی باپیر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ عەشایرەکاندا، پاشان ئەندامەکانی عەشیرەتەکانیان بکاتە چەکدار لای خۆی دوای ئەوەی کە پارەی تەواوی بۆ ئەو مەبەستەی دەست دەکەوێت. دوای چەند زیارەتێکی یەکدی داوای لێکردم پارەکەی بخەمە کارەوەو بازرگانی پێبکەم. بازرگانییەك بە پارەی ئەو دەسەڵاتی من، بەڵام هەڵبەزودابەزی دۆلار ماوەماوە وای لێکردم لەو مەسەلەیە پاشەکشێ بکەم".

دواتر باسی ئەوە دەکات کە کە چۆن عەلی باپیر داوای ئەوەی لێکردوە کە پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا بۆ دروس بکاو لەسەر دروستکردنی سەرەتای ئەوە پەیوەندییەو قسەوباسەکانی دەڵێ:

"وفي يوم من الأيام جاءتني رسالة منه طلب مني الحضور إلى أربيل في مقر الحركة الإسلامية آنذاك فذهبت إليه و طلب مني أن أرافق شخصين من قيادة الحركة وهما ياسين عزيز مسؤول علاقات الحركة (عضو قيادي) وهو من أربيل خريج كلية الأعلام جامعة بغداد وهو شاب متزوج و محمد حكيم من أهالي طوزخورماتو شاب متزوج مهندس مدني مسؤول الإدارة و المالية آنذاك وهما تابعان شخصيا لعلي بابير إلى بغداد و الأتصال و التنسيق مع بغداد (علما) أنه لعلي علم بذهابي إلى بغداد سكرتير حزب كوردستاني فوافقت و سافرنا إلى كفري و زينوا لحيتهم لإعتبارات خاصة بعد أن أتفقنا مع بغداد ليحضروا سيارة إلى سيطرة كفري-سليمان بك فذهبنا وفي خط عسكري إلى (ديالى) محافظة عراقية و أخذونا إلى دار أحد رؤوساء العشائر وهو مع المخابرات و أسمه

(بۆ لاپەڕە ٣)

هەندێ وێنەی بەڵگەدار سەبارەت بەم بابەتە


(١) هۆشمەند مستەفا (٣) موشیر مستەفا
(٢) مەسئولی مونەزەمەی حزبی بەعسی هەڵە بجە ١٩٨٢


(١) مەسئولی مونەزەمەی حزبی بەعسی هەڵە بجە ١٩٨٢.
(٢) موشیر مستەفا.


(١) محەمەد سەنگاوی. (٢) موشیر مستەفا.
-زاخۆ-


(١) زاوایەکی عەلی عەبدولعەزیز. (٢) موشیر مستەفا.
(٣) عەلی باپیر (٤) ناوی نەزانراوە _ئەنقەرە-


(١) موشیر مستەفا (٢) عەلی باپیر (٣) حەسەن بابەکر
- ئەنقەرە-


(١) محەمەد سەنگاوی. ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ.
(٢) موشیر مستەفا.
(٣) مەسئولی عیلاقاتی بزوتنەوە لە ئەستەنبول.


(١) حەسەن بابەکر. (٢) عەلی باپیر (٣) موشیر مستەفا
-ئەنقەرە-


(١) شوان -عیلاقاتی بزوتنەوە لە ئەنقەرە.
(٢) زاوای عەلی عەبدولعەزیز (٣) حەسەن بابەکر
(٤) عەلی باپیر (٥) موشیر مستەفا

ئۆماڕ



تەعتیم

ئەو کاتەی کە فەرمانی گرتنی ساختەم بۆ دەرچووبوو، لە لایەن بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاسیاوە، هەفتەنامەی ئازیزی (هاووڵاتی) زۆر بە دوامدا گەڕابوون هەر ئەو رۆژە کە بۆ بەیانیەکەی (هاووڵاتی) دەردەچێت، شەوەکەی لە لایەن خاوەن ئیمتیازی (هاووڵاتی)ەوە بە تەلەفون پەیوەندیم پێوەکرا و پێی وتم.. ئێستا لە کوێی؟؟ وتم لە ماڵەوە، وتی نەگیراویی؟ وتم نەخێر هیچ بووە؟؟ وتی بەڕێوەبەری ئاسیا پەیوەندی پێوەکردووم، دەڵێ فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە!! وتم ئێستا لە دەوامەوە گەڕاومەتەوە شتی وام نەزانیوە، وتی: ئەوە بۆ تۆ قەت ناگیرێی؟؟ وتم بۆ؟ وتی: بەهەر حاڵ، ئێستا (توانا) پەیوەندیت پێوە دەکات و قسەی لەگەڵ بکە.. هەندێ قسەم لەو بارەیەوە لەگەڵ (توانا)دا کرد، بەیانی کە (هاووڵاتی) بڵاو بۆوە، بینیم ئەو قسانەی من لەگەڵ (توانا)دا کردبووم لە بەرژەوەندی ئاسیا چەواشەکراوە! بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کاك (ئاسۆس) کردوو، گللەیم لێکرد، وتی: شتێ بنووسە، لە (هاووڵاتی) بڵاویدەکەمەوە بەهەرحاڵ پێشتر چیم بە (توانا) وتبوو، نووسیم، ناردم بۆ (هاووڵاتی)، لە کونجێکی بچووکی لاپەڕە یانزەدا بڵاویان کردەوە، لە کاتێکدا ئەوەی لە بەرژەوەندی (ئاسیا)دا چەواشە کرابوو لە لاپەڕە (١) بڵاوکرابۆوە!! لەبەر کۆمەڵێ هۆکار خۆم لێ بێدەنگ کردوو بازمدا بەسەریا.

ئەوەی وایلێکردم کە ئێستا ئەم بە سەرهاتە باس بکەم، گرتنی ئەمجارەم بوو، بەندە لە رۆژانی (١٥بۆ ١٧)ی ئازار بە بڕیارێکی دادوەری لێکۆڵینەوە گیرام، کە لەم گۆشەیەدا جێگای ئەوە نابێتەوە باسی خەلفیاتی ئەو گرتنە بکەم، لە نووسینێکی تردا بە درێژای باسی دەکەم، لەو گرتنەم کە لە راستیدا لەسەر نووسینێك بوو سکاڵای لەسەر نەکرابوو، بە چەند سکاڵایەکی پێشتر گرتیانم، کە تەبلیغ نەکرابوم، بە هەرحاڵ لەو گرتنەم دووشت هەڵوەستەی پێکردم:

یەکەمیان: هەفتەنامەی (هاووڵاتی)کە لە هەر شوێنێك هەواڵێك هەبێت بە تایبەتی لە سلێمانی بە دووربین بە دوایدا دەگەڕێ کەچی سەرنووسەری (هەواڵ) سێ رۆژ دەستگیرکرا، (هاووڵاتی) قوڕو قەپی هەڵبژارد.

دووەمیان: ئەوە بوو کە بەندە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانە، ئەوەی سەبارەت بەو گرتنە بەسەری نەکردمەوە، تەنانەت بە تەلەفونیش، یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو.

جا نازانم، هۆی ئەم تەعتیمە چی بوو لەلایەن هاوپیشەکانمەوە؟؟ لای من دوو تەفسیری هەیە، یان زۆریان پێخۆش بووە، کە سەرنووسەری (هەواڵ) بگیرێ، یاخود پێیان شەرم بووە، خۆیان لە قەرەی باسی ئەو گرتنە بدەن، چونکە هەندێ بەرپرس لێیان نیگەران دەبن.

شوان داودی

السيد الرئيس صدام حسين أمر بمد خيط مع علي بابير و تقويته لموقفه الوطني.

سەید ڕەئیس سەدام حوسێن فەرمانی دروستکردنی هێڵێکی داوە لەگەڵ عەلی باپیر بۆ بەهێزکردنی بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانیەکەیەوە

أبو حسن رئيس عشيرة (القريم) و حضر إلى هناك نائب مدير المخابرات أسمه (أبو عمر) مع شخص آخر أسمه عقيد حسن و ضابطان آخران من المخابرات العامة و بعد التعارف بحثوا معهم النقاط:

الأسلاميون:

١-نحن حركة أسلامية سنية عراقية.
٢- نتعاون معكم و ننسق من جميع المجالات.
٣-نؤيد الحملة الأيمانية التي أمر بها صدام حسين.
٤- نضرب الأحزاب العلمانية و بالأخص الأتحاد الوطني.
٥- نضرب المصالح الأيرانية في حدود التماس معنا.
٦- نضرب أوكار الأمريكية و الصهيونية داخل كردستان العراق و بالذات في محافظة السليمانية ثم أربيل.
٧- مطاليبنا تقويتنا مادياً، عسكرياً معنوياً.

و بالتقوية نستطيع أدامة و توسيع مناطق نفوذنا و مواجهة أي عدوان يواجهنا و بقدر ما تتعاونوا معنا و تكبرنا بهذا القدر نكون سنداً للجيش العراقي.

الجانب المخابرات:

١- ندرس المطاليب و نقدمها للقيادة.
٢- غيروا أسم الحركة الأسلامية إلى أسم آخر لأن الحركة الأسلامية لا ينسجم معنا كحزب علماني.
٣- في الوقت الحاضر لا نطلب منكم شيئاً ليس بمقدوركم القيام به.
٤- نرد على مطاليبكم عن طريق الشخص المنسق بيننا و ليكن المنسق (فلان) قصدهم (أنا) لأنني على صلة كوسيط لحزب كوردستاني سابقا.
٥- هم عادوا إلى بغداد في نفس اليوم بعد تناول الغذاء معنا و نحن بقينا في ديالى مع ضابط و سيارته ليصلنا إلى نقطة عبورهم و ليسهلوا العبور لأن العبور كان صعباً و لكن بطريقة غير مباشرة و عدنا إلى ديارنا و لكن في اليوم الثاني نسقنا فيما بيننا لنواجه الشيخ علي بابير و ذهبنا إلى خورمال و كان الشيء المؤسف زيانه لحياهم لأنهم غير متعودون على ذلك و عجيباً أمام الناس و بالأخص الأسلاميون فرحب علي بابير و قدر جهدنا و رجعت أنا إلى بيتي".

"ڕۆژێك نامەیەکی بۆ ناردم داوای لێکردم بچمە لای لە هەولێر لە بارەگای بزوتنەوەی ئیسلامی. چومە لای لە هەولێر داوای لێکردم هاورێیەتی دوو لە سەرکردەکانی بزووتنەوە بکەم بۆ بەغداد، کە (یاسین عزیز) کە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بزوتنەوە بوو (ئەندامی سەرکردایەتی) خەڵکی هەولێرەو دەرچووی کۆلیژی ڕاگەیاندنی زانکۆی بەغدایەو خێزاندارە، ئەوی‌تریان (محمد حکیم) خەڵکی دوزخورماتووەو ئەندازیاری شارستانی‌یەو خێزاندارە، لێپرسراوی کارگێڕیو دارایی بوو ئەوکات، هەردووکیان سەر بە شەخسی علی باپین بۆ پەیوەندیو تەنسیق کردن لە بەغداد، علی باپیر دەیزانی کە پێشتر لەگەڵ سکرتێری حزبێکی کوردستانی سەردانی بەغدام کردووە، ڕازی بووم، دوای ئەوەی ریشیان تاشی لە کفرییەوە چوین بۆ بەغداد. دوای ئەوەی لەگەڵ بەغداد ڕێکەوتین. سەیارەیەکیان لە سەیتەرەی کفری-سلێمان بەگ بۆ ئامادەکردبووین، لەوێوە بە جادەیەکی سەربازییدا چوین بۆ بەعقوبە، لەوێوە بردیانین بۆ ماڵی یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان کە لەگەڵ موخابەراتدایە، ناوی (أبو حسن) سەرۆك عەشیرەتی (القدیم)ە جێگری بەڕێوەبەری موخابەرات کە ناوی (أبوعمر)و یەکێکی‌تر بەناوی عەقید (حسن)و دوو ئەفسەری‌تر لە موخابەراتی عامە هاتن و باسمان لەم خاڵانەی خوارەوە کرد:

- **ئیسلامیەکان**

(١) ئێمە بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سوننەی عێراقین.
(٢) لە هەموو بوارەکاندا هاوکاریو تەنسیق دەکەین لەگەڵتاندا.
(٣) پشتگیری ئەو حەملە ئیمانییە دەکەین کە سەدام حسین فەرمانی پێکردووە.
(٤) لە حزبە علمانیەکان دەدەین بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی.
(٥) لە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەدەین لە ناوچەکانی تەماسی نێوانمان.
(٦) لێدانی مۆڵگەکانی ئەمریکاو زایۆنیزم لە کوردستان بەتایبەتی لە سلێمانیو هەولێر.
(٧) داواکارییەکانمان، بەهێزکردنمان، لەڕووی مادیو سەربازیو مەعنەوییەوە.

بە بەهێزکردنمان ئەتوانین درێژە بە خۆمان بدەین و ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆمان فراوان بکەین و ڕووبەڕووی هەر دوژمنکارییەك بینەوە، بەقەدەر ئەوەی هاوکاریمان بکەن گەورە دەبین و دەبینە پشتیوانی سوپای عیراقی.

- **لایەنی موخابەرات:**

(١) لە داواکارییەکانتان دەکۆڵینەوەو بۆ سەرکردایەتی بەرزی دەکەینەوە.
(٢) ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی بگۆڕن چونکە ئەم ناوە لەگەڵ ئێمە ناگونجێ وەك حزبێکی علمانی.
(٣) ئێستا داوای هیچتان لێناکەین کە نەتوانن جێبەجێی بکەن.
(٤) وەڵامی داواکانتان لەرێگەی ئەو کەسەی لەنێوانماندایە ئەدەینەوە، مەبەستیان (منە) چونکە خۆم وەسیطی حزبێکی کوردستانی بووم.

ئەوان گەڕانەوە بۆ بەغدا لە هەمان ڕۆژ دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد، ئێمەش لە بەعقوبە ماینەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرەو سەیارەکەی بۆ ئەوەی بمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی پەڕینەوە، چونکە پەڕینەوە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام بەرێگەیەکی ناڕاستەوخۆ گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان، بەڵام ڕۆژی دوایی چوین بۆ خورماڵ بۆ لای عەلی باپیر، شتی زۆر ناخۆش ئەوە بوو ئەو دووانە ریشیان تاشیبوو، چونکە ڕانەهاتبوون بەو شێوەیە لەبەردەم خەڵکیدا دیارکەون بەتایبەتیش لەلای ئیسلامیەکان، علی باپیر بەخێرهاتنەوەی لێکردین و تەقدیری ئەو هەوڵەمانی کردو منیش گەڕامەوە ماڵەوە".

بۆ کاریگەریی باڵی عەلی باپیر لەناو کۆنگرەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا زۆر پەلەیان بوو بۆ وەڵامی ڕژێمی عیراق و دابینکردنی یەك ملیون دۆلار بۆ ئەوەی بتوانن کۆنگرە بە ئاقاری خۆیاندا رابکێشن دەڵێ:

"فلم نتلقى جواباً من العراق لمدة زمنية غير قصيرة -ثم طلب من علي بابير السفر إلى بغداد لتلقي الجواب فكان جوابهم لتأتوا إلى بغداد و لكنهم طالبوا مني حضور علي بابير شخصياً فأعتذر و أقنعتهم لا يستطيع لأسباب عدة فقالوا لي ليحضر من يمثل عنه فجئنا هذه المرة بعد وضع جدول زمني الساعة و المكان فقررنا السفر عن طريق أربيل و لأسباب أمنية لأن سيطرات الديمقراطي الكردستاني كان أهون من الأتحاد فيما يتعلق بالعراق و سافرنا إلى سيطرة (شيراوا) بين أربيل و كركوك فكان بأنتظارنا ضابطين أحدهما بأسم أبو زين بدرجة مقدم و ثاني يسوق السيارة بدرجة رائد أسمه أبو أحمد. فأخذونا إلى ديار الضيافة و تغذينا ثم ذهبنا مع ضابطين آخرين جاءو من المخابرات العامة أحدهم كان أسمه فيصل العامري (أبو فهد) وهو مقدم أيضاً و ضابط آخر يسوق السيارة و أخذونا إلى إحدى دور الضيافة في المأمون أرقى منطقة بغداد و بقينا هنا بعد أحترام و تقدير ليلتان و الشخصان هما نفس الشخصين من قيادة الحركة محمد حكيم و ياسين عزيز و بعد أن جرى أحاديث ود غير سياسية قال ياسين عزيز كنت في الجامعة حبيت فتاتاً و رقم تلفونها معي فأستغل المقدم أبو فهد و أنفرد به بحجة الأتصال بالفتاة و لمدة ساعتان تقريباً خرجوا خارج دار الضيافة و كان محمد الحكيم غاضباً و أنا لتصرفه الصبياني. و في الليلة الثانية جرى الجلسة بين أبو مصطفى (خدام التكريتي) و ضابطين آخرين أحدهم أبو فهد و بين الجانب العراقي فكان الحوار نفس ما جرى في (ديالى) ثم عدنا بسيارتهم إلى (شيراوا) و هناك سيارات تاكسي من أربيل يأخذ المسافرين بشكل العادي و نحن كأشخاص عاديين عدنا إلى أربيل و لم يرد الجانب العراقي على اللقاء و كان يشددون على كلمة يجب تغير أسم الحركة إلى أسم آخر و في كل مرة جواب علي بابير هو ليرسلوا مليون دولار لنعقد مؤتمر و إذا حصلت مسبقاً على مبالغ مالية بأمكاني التأثير على مجريات المؤتمر و تغير أسم الحركة الأسلامية إلى أسم آخر و لم نتلقى أيضاً شيئاً من الجانب العراقي".

"ماوەیەکی پێچوو، عیراق هیچ وەڵامێکی نەدانەوە، علی باپیر داوای لێکردم بچم بۆ بەغدا بۆ وەڵامەکەیان، وەڵامیان ئەوە بوو کە بچنەوە بەغداو داوایان لێکردم کە دەبێ علی باپیر خۆی بێت. بەڵام قەناعەتم پێیان کرد کە علی باپیر لەبەر چەندین هۆ ناتوانێ بێت و داوای نوێنەری ئەویان کرد. ئەمجارە دوای دانانی خشتەیەك بۆ شوێن و کات، بڕیارماندا لە هەولێرەوە سەفەر بکەین لەبەر هۆی ئەمنی، چونکە سەیتەرەی (شیراوا) لەنێوان هەولێرو کەرکوك، لەوێ دوو ئەفسەر چاوەڕێیان دەکردین بەناوی (أبو زین) بە پلەی (مقدم)و ئەوی‌تریان بەناوی (أبو أحمد) بە پلەی (رائد) کە سەیارەکەی لێدەخوڕی. ئێمەیان بردە شوێنێکی حەوانەوەو نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، پاشان لەگەڵ دوو ئەفسەری‌تر کە لە موخابەراتی عامەوە هاتبوون چوین بۆ بەغدا، یەکێکیان ناوی (فیصل العامری) ناسراو بە (أبو فهد) بە پلەی (مقدم)و ئەوی‌تریشیان سەیارەکەی لێدەخوڕی، چوینە شوێنێکی حەوانەوە لە گەڕەکی (مأمون)، دوو شەو لەوێ ماینەوە بەڕێزو حورمەتەوە، هەمان ئەو دوو کەسەی پێشووم لەگەڵدا بوو (محمد حکیم و یاسین عزیز).

قسەوباسەکانی نێوانمان دوور لە سیاسەت بوو، (یاسین عەزیز) وتی: "کە لە زانکۆ بووم، کچێکم خۆش دەویست ئێستاش ژمارەی تەلەفۆنەکەیم لایە"، مقدم (أبوفهد) ئیستغلالی ئەوەی کردو بە تەنیا بردیە ئەودیو بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ ئەو کچە بکات، ماوەی دوو سەعاتیان پێچوو چوونە دەرەوەی ئەو شوێنەی لێی بووین، (محمد حکیم)و من، لەو هەڵسوکەوتە گەنجیانەی یاسین زۆر تووڕە بوون. لە شەوی دووەمدا دانیشتنێك لەنێوان (خدام تکریتی) ناسراو بە (أبو مصطفی)و دوو ئەفسەری‌تر کە یەکێکیان (أبو فهد)بوو، قسەکانمان هەمان ئەوانەی (بەعقوبە) بوون. پاشان بە سەیارەکانی ئەوان گەڕاینەوە بۆ (شیراوا)و، لەوێشەوە بە تەکسی گەڕاینەوە هەولێر، وەك کەسێکی ئاسایی لەبەر ئەوەی لەوێ تەکسی زۆر هەیە، هاتوچۆکەران دێنێتەوە بۆ ناو شاری هەولێر. عیراق وەڵامی ئەو دیدارەی نەدایەوەو پێیان لەسەر گۆڕینی ناوی (بزووتنەوە) دادەگرت بۆ ناوێکی‌تر، هەموو جارێکیش وەڵامی عەلی باپیر لەسەر ئەم ناوگۆڕینە ئەوەبوو کە (ملیۆنێ دۆلار)مان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی کۆنگرە بگرین و هەروەها دەیگوت ئەگەر پێشوەخت ئەو پارەیەم دەستبکەوێت ئەتوانم کاریگەریم هەبێ لەسەر ئاقاری کۆنگرەکەو گۆڕینی ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ ناوێکی‌تر، بەڵام هیچ وەڵامێکمان لەلایەن عیراقەوە وەرنەگرت".

سەبارەت بە نەچوونی خودی عەلی باپیر بۆ بەغداو ناردنی نوێنەری تایبەتی خۆیو دواتر سەفەرکردنی خۆیو نوێنەرەکەی بۆ تورکیا بۆ دیدەنی (رافع تکریتی) باڵوێزی عیراق لە تورکیاو سەفەرکردنی نوێنەرەکەی بۆ ئوردن و سوریاو یەمەن و چاوپێکەوتنی بەرپرسی شوعبەی (٣)ی موخابەرات دەڵێ:

"و في وقت متأخر سافرت تلقائياً إلى بغداد و بدون علم علي بابير لأنني علمت أنه غاضب منهم و لا يرسل بعد ممثل عنه و أتصلت بالمخابرات هاتفياً فألتقينا و عاتبتهم عتاباً شديداً فكان جوابهم ليحضر علي بابير شخصياً إلى موصل أحدى المحافظات العراقية فأعتذرت و قلت غير ممكن فقالوا سافروا إلى تركيا و نزودكم برقم تلفون السفارة العراقية و التقوا بالسفير العراقي (رافع التكريتي) وهو من أقرباء صدام حسين فالجواب النهائي لديه. سافرنا إلى أنقرة أنا و محمد رضا السنكاوي و حسن بابكر و علي بابير لكنهم سافروا قبلي بأسبوع لأنهم لهم زيارات إلى المانيا و أردن و سورية و تركيا للقاء بأشخاص أسلاميين و أستغلوها ببقاء مع العراق و أخذوا جواز سفري و حصلوا على موافقة الحزب الديمقراطي و سافرت أنا أيضاً و في محافظة ميرسين أتصلت بمكتب علاقاتهم في أنقرة فأجابوا بأنه ذهب إلى أسطنبول و يعود هذه الليلة صباحاً وصلت إلى أنقرة و أتصلت بهم في محطة الحافلات فجاء مسؤول العلاقات أسمه شوان وهو شاب مثقف من أربيل فأخذني إلى هناك فألتقيت بهم و في اليوم نفسه أتصلت بالسفارة و ذهبت أنا و حسن بابكر و ألتقينا بالقنصل العراقي أولاً ثم بشخص السفير (رافع التكريتي) و قلت نحن فلان و فلان فرحب بنا وقال أرجو أن تزودني برقم هاتفكم لأتصل بكم كتاجر فزودناه و لكن لم يتصل و فيزات الجماعة على وشك الأنتهاء كذلك بقي من عمر فيزتي ثلاثة أيام فنحن بأنتظار الرد لم نتلقى الرد فغضب علي بابير و قرر عدم الأتصال بهم و عدت أنا إلى هنا و سافر محمد رضا إلى المانيا و حسن بابكر و علي بابير إلى سوريا و يأسنا جميعاً من الموضوع. وصلنا إلى شهر أكتوبر عام ١٩٩٨ سافرت إلى بغداد لعلاج زوجتي فأستغلت الفرصة و أتصلت بهم مرة أخرى فقالوا بالتأكيد هذه المرة أجلب معك الصور لنحضر لكم الجواز و نصرف لكم مصاريف السفر جميعاً و نوعدكم بأن السيد الرئيس صدام حسين أمر (بمد خيط مع علي بابير) و تقويته لموقفه الوطني. فعندما رجعت كان علي بابير حسب ما علمت موجود في حلبجة الشهيدة و ألتقيت به و قلت أنا لم أسافر للموضوع السابق و أخذت زوجتي للعلاج و أتصلت بهم و هذا جوابهم فتردد و تردد فقال هم كاذبين و لا أثق بهم و لما لا يرسلو مقدمه مليون دولار حتى أثق بهم المهم قال أنا لا أسافر لكنه محمد رضا السنكاوي مريض له مرض الفقرات أخوله بالسفر فأخذت الصور نظموا جوازات السفر لنا و صرفوا (٩) تسعة آلاف دينار و سافرنا إلى أنقرة- أسطنبول-أردن و البلد المعين للقاء هو (يمن) لأن اليمن لا يحتاج إلى الفيزة بالنسبة للعراقيين. و عندما وصلنا إلى مطار الأردن (ترانزيت) لمدة أربعة ساعات ختموا جوازي لكنهم أعترضوا جواز محمد السنكاوي لأنه ذو لحية طويلة و قلت هو صديقي فقالوا أنت هم محجوز و بقينا محجوزين لثلاث ساعات و نصف بعد الأستفسار و التدقيق أطلقوا سراحنا و سافرنا بالليل إلى اليمن لنلتقي بمسؤول الشعبة الثالثة وهي المشرفة على كردستان العراق مقرراً أن نلتقي بهم في نوفمبر ١٩٩٨ لكن مسألة الأحوال المدنية و الجنسية العراقية لمحمد سنكاوي غير قانونية و قضايا شخصيه أخرى متعلقة بالمهم جماعة المخابرات سافروا مسبقاً و نحن تأخرنا فأتصلوا بنا بي شخصياً للبيت و عاتبونا لما لم نسافر فقلت الموضوع كذا و كذا فقالوا سافروا و تلاقوا بالسفير العراقي في اليمن و هذا رقم تلفون سفارتان هناك و سافرنا نحن في شهر ١٢ سنة ١٩٩٨ و وصلنا لتركيا مثلما سجلت أعلاه و المهم في سفارة يمن أحتجزونا مرة أخرى بسبب لحيته الطويلة المهم أخذوا منا الجوازات و بنفس الطائرة عدنا إلى الأردن و كنا محجوزين للساعة الثانية بعد الظهر و بعد تحقيق طويل أطلقوا سراحنا و توجهنا إلى عمان و نزلنا في فندق آسيا و بعد الأستراحة و الغذاء خرجت من الفندق و أتصلت بهم شارحاً جميع ما جرى فقالوا زودونا برقم هاتف الفندق و نتصل بكم أتصلوا بعد يوم و قالوا بعد يومين سيحضر شخصان جميع جاء شخصاً و أجرينا المقابلة وكالة محمد سنكاوي هو علي بابير و جرى من نفس الأسطوانات السابقة فسجلوها و قدموا لنا ما تبقى لديهم من مصاريف السفر و ذهب السنكاوي إلى سورية للعلاج و أنا إلى بغداد ثم إلى هنا".

" پاش ماوەیەکی زۆر، لە خۆمەوە سەردانی بەغدام کرد بەبێ ئاگاداریی علی باپیر چونکە دەمزانی ئەو زۆر لێیان تووڕەیەو نوێنەری خۆی نانێرێتە لایان، لە بەغدا پەیوەندیم بە موخابەراتەوە کردو پاشان بینیانم و گلەییەکی زۆرم لەو بارەیەوە لێکردن، وەڵامی ئەوانیش ئەوەبوو کە دەبێ عەلی باپیر سەردانی موسڵ بکات، داوای لێبوردنم کرد، چونکە ئەوە مومکین نییە، ئەوانیش وتیان با سەفەر بکا بۆ تورکیاو ژمارەی تەلەفۆنی سەفارەی عیراقیان لە تورکیا داینێ، لەوێ چاویان بە (رفعت تکریتی) کە لە خزمەکانی سەدام حوسێنە، بکەوێو وەڵامی کۆتاییش لای ئەوە. چوینە ئەنقەرە لەگەڵ (عەلی باپیر)و (محمد رەزا سەنگاوی)و (حسن بابکر)، بەڵام ئەوان پێش من سەفەریان کرد چونکە دەیانویست سەردانی ئەڵمانیاو ئوردن و سوریە بکەن بۆ ئەوەی چاویان بە هەندێ کەسایەتی ئیسلامی بکەوێ. جەواز سەفەرەکەی منیان بردو ڕەزامەندی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ سەفەرکردنم وەرگرت و منیش سەفەرم کردو لە (میرسین) پەیوەندیم کرد بە نووسینگەی پەیوەندییەکانی بزوتنەوە لە ئەنقەرە، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندم کە چوونەتە ئەستەنبوڵ، بەیانی زوو دەگەڕێنەوە، منیش چووم بۆ ئەنقەرە، لە وێستگەی پاسێکدا لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بزوتنەوەم بینی بەناوی (شوان)، گەنجێکی ڕۆشنبیری هەولێری بوو. منی بردە نووسینگەو چاوم بەوان کەوت. هەر هەمان ڕۆژ پەیوەندیم بە سەفارەتی عیراقیەوە کرد، پاشان من و (حسن بابکر) کونسڵی عیراقیمان بینی، دواتریش سەفیر (رافع تکریتی). وتم من و فلان و فلان هاتووین، بەخێرهاتنی کردین، داوای ژمارەی تەلەفۆنی ئێمەی کردو بۆ ئەوەی پەیوەندیمان پێوە بکات وەك بازرگان، بەڵام پەیوەندی پێوە نەکردین، ڤیزەی جەماعەتیش لە تەواوبووندا بوو، ئەوەی منیش تەنها سێ ڕۆژی مابوو، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدایەنەوە. علی باپیر زۆر تووڕە بوو، بڕیاریدا پەیوەندییان پێوە نەکات. من گەڕامەوە بۆ کوردستان و (محەمەد ڕەزا) بۆ ئەڵمانیاو (عەلی باپیر)و (حسن بابکر) بۆ سوریا، هەموومان لەو مەسەلەیە بێزار بووین. لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ بۆ چارەسەرکردنی خێزانەکەم سەردانی بەغدام کردو ئەو دەرفەتەم قۆستەوەو جارێکی‌تر پەیوەندیم پێیانەوە کرد، داوایان لێکردم ئەمجارە وێنەی ئەوان بەرم بۆ ئەوەی جەواز سەفەرمان بۆ دروستبکەن و پارەی هاتوچۆکەمان بدەنێ، چونکە سەید رەئیس سەدام حوسێن فەرمانی دروستکردنی هێڵێکی داوە لەگەڵ عەلی باپیر بۆ بەهێزکردنی بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانیەکەیەوە. کە گەڕامەوە، زانیم کە عەلی باپیر لە هەڵەبجەی شەهیدەو پەیوەندیم پێوە کرد، پێم گوت، من بۆ ئەو مەسەلەیە نەچومەتە بەغدا، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی خێزانەکەم ڕۆیشتم، بەڵام پەیوەندیم پێیانەوە کردو ئەمەش وەڵامەکەیانە. عەلی باپیر دوودڵ بوو، وتی: "ئەوان درۆزنن و باوەڕم پێیان نییە، ئەی بۆ پێشەکی ئەو ملیۆن دۆلارە نانێرن بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بکەم، گرنگ من ناتوانم سەفەر بکەم، بەڵام محمد رەزا سەنگاوی نەخۆشی فەقەراتی هەیە، ئەو تەخویل دەکەم بە سەفەرکردن". وێنەی ئەوم لێوەرگرت و جەواز سەفەریان بۆ ڕێکخستین و (نۆ هەزار دینار)یان بۆ سەرف کردین و چوین بۆ ئەنقەرا ئەستەنبول و ئەردەن. ئەو وڵاتەش کە بڕیار وایە کە یەکتری تیا ببینین (یەمەن)ە. چونکە یەمەن بۆ عیراقیەکان پێویستی بە ڤیزە نییە. کاتێك گەیشتینە فڕۆکەخانەی ئەردەن، ترانزێتی چوار سەعاتیمان هەبوو، جەوازەکەی منیان مۆرکردو بەڵام رازی نەبوون بە جەوازەکەی (محمد سنگاوی) چونکە ریشێکی درێژی هەبوو. پێیانم وت، ئەمە هاوڕێی منە، ئەوانە هەردووکمانیان حجز کرد بۆ ماوەی سێ سەعات و نیو. دوای لێکۆڵینەوە، ئێمەیان بەرەڵڵا کردو شەو سەفەرمان کرد بۆ یەمەن، بۆ ئەوەی لەوێ لێپرسراوی شعبەی (٣) کە سەرپەرشتی کوردستان دەکات ببینین، بڕیار وابوو لە نۆڤەمبەری ١٩٩٨ یەکتر ببینین، بەڵام کێشەی نایاسایی‌بوونی ئەحوال مدنیو جنسیەی عیراقی (محمد سنگاوی)و هەندێ کێشەی‌تر دوای خستین. پاشان لە یەمەن گەڕاینەوە بۆ کوردستان، جەماعەتی موخابەراتیش پێش ئێمە سەفەریان کردبوو ئێمەیان بەجێهێشت. پاشان لە سلێمانی پەیوەندییان پێوەکردین و گلەییان لێکردین کە گوایە بۆچی لەکاتی خۆیدا نەگەیشتوون و ژمارەی تەلەفۆنی سەفیری عیراقیان لە یەمەن پێدایین و بۆ ئەوەی چاومان بەوان بکەوێت، ئێمەش لە مانگی (١٢)ی ١٩٩٨ گەیشتینە تورکیاو چوینە سەفارەی یەمەن و جارێکی‌تر لەوێ حجز کراینەوە بەهۆی درێژی ریشی محمد سنگاوییەوە، بە هەمان فڕۆکە گەڕاینەوە بۆ ئەردەن، لەوێش دوای لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژ بەردراین و چووینە ئوتێلی ئاسیا لە عەمان، دوای نانخواردن و پشوودانێك لە ئوتێلەکە هاتمە دەرەوەو پەیوەندیم پێیانەوە کردو باسی هەموو ئەو کێشانەم کرد کە هاتبووە ڕێمان و داوای ژمارەی ئوتێلەکەیان لێکردم بۆ ئەوەی پەیوەندیمان پێوە بکەن، دوای ڕۆژێك پەیوەندییان پێوە کردین و وتیان دوای دوو ڕۆژ، دوو کەس دێن بۆ لاتان بەڵام کەسێك هات دیدارێکیان لەگەڵ (محمد سنگاوی) کە نوێنەری عەلی باپیر بوو کردو تۆماریش کرا، هەندێ پارەیان بۆ کرێی هاتوچۆ داینێو (سەنگاوی) چوو بۆ سوریا بۆ چارەسەرکردن، منیش گەڕامەوە بەغداو لەوێشەوە بۆ سلێمانی".

سەبارەت بە وەڵامی ڕژێم و ناردنی (١٠٠) هەزار دۆلارو دیدەنی دواتری نێوانیان دەڵێ:

"و بعد مدة أخبروني ليذهب من يمثل علي بابير لأستلام مائة ألف دولار و سافرت أنا و (مصلح) وهو نسيب علي بابير و أستلمنا المبلغ بوجبتين و بعد مدة و لحد الآن أخبار العلاقة بينهم غير معلومة بعد أن خرجوني خارج القوس و هناك لقاء آخر جرى بعد عودتنا المرة الأولى من أنقرة سنة ١٩٩٧ فسافر حسن بابكر و علي بابير عن طريق إيران بناء على طلب العراق و ألتقوا بممثلين من المخابرات و أحدهم عقيد أسمه (أبو رائد)".

" دوای ماوەیەك ئاگاداریان کردمەوە بۆ ئەوەی نوێنەرێکی عەلی‌باپیر بچێتە بەغدا بۆ وەرگرتنی (سەد هەزار دۆلار). من و (موصلح) کە زاوای (عەلی باپیر)ە پارەکەمان بە دوو وەجبە وەرگرت. دوای ماوەیەك لەوە، وە تا ئێستا ئاگاداری پەیوەندیی نێوانیان نیم، چونکە منیان خستۆتە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە. چاوپێکەوتنێکی‌تر ڕوویدا، دوای ئەوەی یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٧ لە ئەنقەرە گەڕاینەوە. (حسن بابکر)و (علی باپیر) لەرێگەی ئێرانەوە لەسەر داوای عیراق چاویان بە نوێنەرەکانی موخابەرات کەوت، لەناویاندا، ئەفسەرێك بە پلەی (عقید) کە ناوی (أبو رائد) بوو".

دوای گێڕانەوەی ئەو باسانە بەدورو درێژی بە چەندین بەڵگەی وێنەدارەوە هەندێ تێبینی خۆی لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی لە چەند خاڵێکدا بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:

"ملاحظة:

١-أقوى حركة أسلامية من حيث العدد هي حركة أو كومەل الأسلامي و أميرهم علي بابير
٢- معظم أصحاب الشهادات الجامعية معه.
٣- له علاقة مع قادة الحركات الأسلامية في العالم و له صلة بحزب العمال الكردستاني.
٤- عدد قواته في حدود ١٣٠٠ ألف و ثلاثمائة.
٥- له تنظيمات في دهوك، أربيل، سليمانية و الأقضية و النواحي و القرى.
٦- له صلة مع جند الأسلام و ينسق معهم.
٧- يكره علي عبدالعزيز و أبناءه.
٨- الدور الأيران دور مهم في دغدغتهم و قسمهم إلى ثلاث كتل لتوازن القوة فيما بينهم و أستغلالهم وقت الحاجة.
٩- يكره الأتحاد الوطني بصورة خاصة و الأحزاب العلمانية بصورة عامة.
١٠- يكره الأمريكان و الدول الأوروبية و أسرائيل بالذات.
١١- له ملبند في السليمانية و قوة في أربيل و قوة ضعيفة جداً في دهوك كتنظيمات.
١٢- لا ينوي بعثرة قواته بل بقاءها في حدود أيران للحيلولة دون ضربها من قبل الأتحاد الوطني."

" تێبینی/

(١) کۆمەڵی ئیسلامی بەهێزترین حزبی ئیسلامییە لەرووی ژمارەوە، عەلی باپیریش ئەمیری کۆمەڵە.
(٢) زۆربەی خاوەن بڕوانامەکان لەگەڵیدان.
(٣) پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانی بزوتنەوە ئیسلامییەکان لەجیهاندا هەیە، هەروەها لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان.
(٤) ژمارەی هێزەکانی نزیکەی (هەزارو سێ سەد) کەس دەبن.
(٥) ڕێکخستنی لە هەولێرو دهۆك و سلێمانیو قەزاو ناحیەو دێهاتەکان هەیە.
(٦) پەیوەندیی لەگەڵ (جند الاسلام) هەیەو هەماهەنگیشیان لەگەڵدا دەکات.
(٧) رقی لە عەلی عەبدولعەزیزو کورەکانیەتی.
(٨) ئێران ڕۆڵێکی گرنگیی لەناویاندا هەیەو دابەشی کردوون بۆ سێ کوتلەو بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز لەناویاندا بپارێزێو لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنێ.
(٩) بەگشتی دژی حزبە علمانیەکانن و زۆر رقیان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.
(١٠) رقی لە ئەمریکاو دەوڵەتە ئەوروپیەکانە بەتایبەتیش ئیسرائیل.
(١١) مەڵبەندێکیان لە سلێمانی هەیەو هێزێکیان لە هەولێرەو هێزێکی ڕێکخستنی زۆر لاوازیشیان لە دهۆك هەیە.
(١٢) نیازی نییە هێزەکانی بڵاوە پێبکات و بەڵکو هەمووی لە سنووری ئێراندا کۆکردۆتەوە بۆ ئەوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانیەوە هێرشی نەکرێتە سەر.